

## شێخ ئاریان عەزیز بەرزنجی:

# هاوسەرگیریی مسیار لە شێوەی پراكتیك لەكوردستاندا زۆرە، بەڵام وەك ناو نامۆیە

**ماوەی ساڵێكە شـێخ ئاریان عەزیز بەرزنجی پرۆژەیەكی لەسەر هاوسەرگیریی مسیار ئامادەكردووە، لەدەزگاكانی ڕاگەیاندن لەسـەر ئـەو پرۆژەیە گفتوگـۆی زۆركراوە، گۆڤاری كوێسـتان بەباشـی زانی دیمانەیـەك لەگەڵ خاوەنی پرۆژەكە بكات، دەرگـای بیروبۆچوونی جیاواز لەسەر دیمانەكە بە كراوەیی دەهێڵێتەوە.**

**دیمانە : فەرمان عەبدولرەزاق ـ هەولێر**

***سەرەتا ئەگەر پێناسەیەكی هاوسەرگیری مسیار بكەیت؟**

- هاوسەرگیری مسـیار دەقاودەق وەك هاوسەرگیری سروشـتییە، هیچ جیاوازیەكی نیـە، تەنها ئەوەندە نەبێ ئافرەتەكە بە ویستی خۆی دەسـبەرداری سێ مافی خۆی دەبێت، یەكەمیان: خەرجی رۆژانە، دووەم: خانەی هاوسـەرگیری، سـێیەم: مانەوەی شەوانە لای ئافرەتەكـە، ئەمە لـە كاتێكدا لە شەرعیشـدا دەڵێ: ئافرەتەكە بۆی هەیە دەسـتبەرداری گشت مافەكانی بێـت تەنها مـافی شـەوانە( سـەرجێیی) نەبێت كە بنەمای گرێبەستەكە لەسەر مافی سەرجێیی كراوە، جا لێرەدا لە ڕوی شـەرعەوە ئەم بابەتە هیچ كێشەیەكی نیە چەندەها پرۆفیسـۆری تایبەت بە شەرع دەڵێن: لە شـەرعدا هیچ كێشـیەكی نیە، چونكە گشـت ئەو مافانەی تیایە كە لە هاوسەرگیری سروشتیدا هەیە.

***ئەو بەربەستانە چین كەوا ئەم پرۆژەیە بە باشی پێشوازی لێناكرێت؟**

- زۆركـەس دەڵێن بۆچی پەرلەمـان كارەكە ناكات، پەرلەمانتـارەكان خۆیـان پێیانوتم: كە مەسـەلەكە پەیوەنـدی بە ئێمەوە نیە، چونكە ئەگەر ئێسـتا تۆ بچیتە دادگاكانی كوردسـتان ئەم جۆرە هاوسەرگیریە بكەیـت كـەس ڕێـت لێناگرێـت، چونكـە مـن لە دادوەرەكانیشـم پرسـیوە كە ئەگەر هاتوو ئافرەتێك هاتە لاتان دەستبەرداری هەندێ لە مافەكانی بوو ئێوە دەتوانن رێی لێبگرن؟ وتی: نەخێر یەكسەر داواكەی بـە پێی یاسـا بۆ دەكەیـن، من كە دامـە پەرلەمان ویستم سەرووەری بڕیارەكە بۆ پەرلەمان بێت، چونكە ئەگەر پەرلەمـان بارودۆخەكەش ڕوونەكاتەوە ئەوا پەیوەندی بە پەرلەمانەوە نیە.

***پێویسـتی پەنابردنی كۆمەڵگای كوردەوای بۆ ئەم جۆرە هاوسەرگیریە چیە؟**

- زۆر پێویسـتیەكی گرنگـە چونكـە مەترسـی بڵاوبونـەوەی نەخۆشـی ئایـدز هەیـە لە نـاوەوە، مەترسـیەكی زۆر هەیـەو توشـبوش هەیـە، لـە لایەكیتریشـەوە كۆنتاكتمان لەگـەڵ وڵاتانی ئەوروپا ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتـر ئەبێ، جگەلەوەش لە باشـوری عیراقیشەوە كۆمەڵێ لەشفرۆش هاتونەتە كوردستان، كە هەڵگری ئەم میكرۆبی ئایدزەن، ئەوە گرفتێكە بۆ لاوانمـان، دەبینین بە هۆی ئەو شـەرە یەك لە دوایی یەكانەی لە عیراق‌و كوردسـتان ڕویانداوە ڕێژەیەكی زۆری بێوەژن هەیە، هەر ڕێگرەیەك لەو ژنانە تاوانە، چونكە مافی خۆیانە ئەمانیش هاوسەرگیریەك بە پێی یاسـاو شـەریعەت پێكبهێنن، ڕێژەیەكی زۆری كچی قەیرەمان هەیـەو هەروەها كوری قەیرەشمان هەیە، بەڵام مەترسیەكە لەسـەر ئافرەتەكەیە، چونكە زۆر پێشـی پیاوەكە پیری پێیەوە دیـار دەبێت، بێگومان



ئەگەر ئەوجۆرە هاوسەرگیریە هەبێت بۆ ئەو باشەو بۆ ئەو کەسەش باشە کە لەبەرنەبوونی ناتوانێ ژن بێنێت، فاکتەری تر زۆرە بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە هاوسەریەتیە.

*** بە پێی لە پرۆژە بریارەکە زۆر تەئکید لەسەر مەسەلەی سەرجێیی کراوەتەوە، پێتوانیە لایەنەکانی تری ژیانی هاوسەریەتی فەرامۆش کراوە، لە کاتێکدا هاوسەرگیری تەنها بریتی نیە لە سەرجێیی؟**

- لە پرۆژەکە جەختی زۆر لەسەر سەرجێیی نەکراوە، بەلام کە خەلک دەیخوێنێتەوە رەنگە ئەو بۆ چونەیان لا دروستبێت، خەلك وادەزانێ ئەم جۆرە هاوسەرگیریە وەك سیغەیە، نەخێر ئەوە لەگەل تەمەنتایە، کە من دەلێم هاوسەرگیری مانای هاوسەرگیری لە گشت روەکانەوە، زۆر جار دەبینین لە هاوسەرگیری سروشتی لە ماوەیەکی کەم کێشە دروستدەبێت، هاوسەرگیری رەو زۆر سەقامگیرترە، چونکە تەنها خۆشەویستیوسۆز بەیەکەوە ئەیانبەستێتەوە، زێرو پارەیان لە نێوانیاندا نیە، بۆیە ئەستەمە لێرەدا کێشەی تەلاقو دەستەبردان روبدات، چونکە بەرژەوەندی ماددی تیانیە تەنها روحیو جەستەیی نەبێت، کە ئەوەش بۆ بوونی خۆشەویستیکە یا هاوسۆزییێکە.

*** لە پرۆژەکەدا هاتووە ژنانی بە تەمەنیش دەتوانن جارێکیتر شووبکەنەوە، پێتوانیە ئەم دیاردەیە بە کۆمەلگای کوردەواری نامۆیە؟**

- ئێمەکە ئەوشتە ئەلێین دەبێ بە گشتی ماف رەچاوبکەین، من بە دلنیایەوە دەلێم: لەم پرۆژە یاسایە رەچاوی ماق گشت چینەکانی کۆمەلگا کراوە، ئافرەتەکە با بەتەمەن بێت یا مندال بێت ئەوەستێتە سەر ویستی خۆی، ئەگەر ویستی بە شێوەیەکی یاساییو شەرعی ئیسلام بیەوێ هاوسەرگیری رەو ئەنجامدا بدات، دواتر ئەگەر بە تەمەنیش بێت تەمەنێکی وا کە بشێت ئەوا کۆمەلگا بە چاوێکی ئاسایی سەیریدەکات، بە تەمەنیش بێت ماق خۆیەتی، بەلام ئەگەر هاتوو گەیشتە تەمەنێکی زۆرییش ئەوا خۆی ئارەزوو ناکات.

*** ئامانجێکی پرۆژەکە ئەوەیە، ئەگەر ئەم جۆرە هاوسەرگیریە لە کۆمەلگا پەیرەوکرا ئەوا ئاستی رۆشنبیری خەلك بەرزدەبێتو بە چاوێکی تر سەیری ئەمانە ناکەن کەوا ئەم جۆرە هاوسەریەتیە دەکەن لێرەدا من مەبەستمە لە باشوری عیراق کە هاوسەرگیری سیغە هەیە لەوێدا ئەوەیە مەزهەبەکەش رێیان پێدەدات، کەچی ئەم کەسانەی ئەمە دەکەن بە چاوێکی جیاتر سەیر دەکرێن، پێتوانیە لەلای خۆمان بە هەمان شێوە سەیری مسیار بکەن؟**

- جیاوازیەکی زۆر لەنێوان هاوسەرگیری رەوو هاوسەرگیری سیغە هەیە، بە بۆچونی منیش هاوسەرگیری سیغە سوککردنی ئافرەتەکە بە برە پارەیەك بۆ چەند رۆژێك لەگەلیدا دەبێت، بەلام ئەوەیە کەوا هاوسەرگیری مسیار جیاوازە، چونکە ئەمە هەتا هەتایە لەگەل ژیانی مرۆڤە، وەك وتم: ئەم هاوسەریەتیە لە سەر بنەمای رۆحەوە بنیادنراوە، ئەگەر هاتوو مندالی هەبوو هەموو ئەرکی مندالەکە لەسەر پیاوەکەیە، تەنانەت ئەگەر هاتوو ئافرەتەکە شیری پێدا بۆی هەیە داوای پارە لە پیاوەکە بکات، لە هەمووی گرنگتر ئەوە بەرزی ئافرەتە تاوەکو ئافرەت چیتر نەچەوسێندرێتەوە، بۆیە لە قورئان دەفەرموێت: ((الرجال قوامون علی

النسا بما انفقوا)) لێرەدا كە ئافرەتەكە نەفەقەكەی نەیویست ئەو كات قەوامەكە بۆ ئافرەتەكە دەگەڕێتەوە، بەمەش ئافرەتەكە ڕێزی ئەبێت هەر لەبەر ئەوەشە لە كۆمەڵگای ڕۆژهەلاتی بە سوك سەیری ئافرەت دەكرێ، چونكە بە ٧٠-١٠٠ مسقال زێر خەرجدەكرێ، ئەمەش لە عەقڵی باتن هەستی دروست دەبێ وا ئەزانی بۆ كڕین و فرۆشتنە، هەرچەند ڕۆشنبیرو تێگەیشتوو بیت هەست دەكەیت لە ناخت سایەیەك و پلەیەكت هەیە لەسەر ئەوە بە شێوەی كڕین و فرۆشتن دێتە بەرچاوت ئەوەش كۆمەڵگا دایناوە من ئەمەوێ ئەوە نەمێنێت.

***ئەم پرۆژەیە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەی بە فاكتەرێكی گرنگ داناوە بۆ كەمبونەوەی ڕێژەی خۆسوتاندنی كچان بەهۆی نەگەیشتن بە هاوسۆزەكانیان، لێرەدا دەبێ بزانین تا ئێستا لێكۆڵینەوەیەكی زانستی نەكراوە كە ئایا كچان و ژنان بەكراست هۆی چیە پەنا بۆ خۆسوتاندن دەبەن؟**

- خۆی ڕاستە ئەگەر ئامارێك هەبێت شتێكی باشە، بەلام بارودۆخی عیراق بارودۆخێكی نالەبارەو كوردستانیش بەو شێوەیە نیە ئاماری زانستی تیابكرێ ئەوەشی كراوە بنەمای زانستی بە تەواوی پەیڕەو نەكراوە، ئەوەش وەك ئەوە وایە كە لە كۆلانێ ماڵێ بسوتێ تۆ بڵێیت لێگەرێ با تەواو بسوتێ، ئینجا بە شێوەی زانستی ئاگرەكە ئەكوژێنمەوە، ئێمەش ئەگەر چاوەرێ بكەین كە ئایدز بە تەواوی بلاوبۆوەو لەشفرۆشیش بە ئاشكرا تەشەنەیكردو گەنجانمان ببنە سوتەمەنی ئەم لەشفرۆشیە، ئێمەش بوەستین ئەوەچیە ئامار نەكراوە، ئەوە ناكرێ لەكاتێكدا ئەوە شتێكە دەتوانرێ مرۆڤ بە عەقڵ بەرهەمیبهێنێت، ئێستاش ئەگەر سەیربكەیت دەبینین بە هۆی چوونە دەرەوەی گەنجان ڕێژەی ئافرەت زۆر لە كوڕان زیاترە، ئەوە بە چاو دەتوانرێ تێبینی بكرێ، دواتر ئەگەر چاوەرێی ئامار بكەین ئەو كات كارلە كار ئەترازێ، دوایی شتێكیتر ئەگەر ولاتانی ئەوروپا ئەم سیستەمی هاوسەرگیری ڕەوەیان هەبێ، دڵنیام بەكراست پەیڕەوی دەكەن، بەلام ئەوان بەرەلایی سێكسیان لا هەیە، ئێستاش زۆر ئەستەمە لەم بارە بگەڕێنەوە سەر هاوسەرگیری ڕەو، ئەم خاڵە زۆر گرنگە، ئێمە دەمانەوێ نەگاتە ئەو ئاستەی بەرەلایی سێكسی بلاوبێتەوە، چونكە ئەوكات ئێمەش هیچمان پێناكرێت.



**ژیاننامەی شێخ ئاریان:**

لە ساڵی ١٩٦٥ لە سلێمانی لە گەرەكی مەڵكەندی دایكبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیو دواناوەندی لە شارەكانی هەولێرو سلێمانی تەواو كردووە .

كۆلیژی شەریعەتی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٩٠ لە شاری بەغدا تەواو كردووە .

لە ساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٧ ئەندامی یەدەگی دەستەی بالای كۆمەلی فەلەكناسانی عیراق بووە .

ئێستا ئەم بەرنامانەی خوارەوە ئامادەو پێشكەش دەكات:

١ - ( جیهانی خەونەكان ) لە تەلەفزیۆنی هەولێر.

٢ - ( پاراسایكۆلۆژی و كۆمەل ) لە ڕادیۆی هەولێر .

٣ - ( نهێنیەكانی خەون ) ڕادیۆی نەورۆز .

من نالێم ڕیگرێكی ١٠٠٪ بەلام تا ڕادەیەكی زۆر باشە.

*** ئەو هاوسەرگیری مسیار لە چیەوە هاتووە سەرەتا كێ بە كاریهێناوە ؟**

- سەرەتا لە ولاتانی كەنداو دەستیپێكرد پاشان لە میسر ئەزهەر ڕەزامەندی لەسەرنواند، بەهۆی ئەوەی ولاتانی كەنداو وەك ئێمە بە قۆناغێكی پێشكەوتنی كتوپڕدا لە گشت ڕووەكانەوە تێپەڕین، هەروەها ناهاوسەنگیش لە نێوان پیاوان و ژنان هەبوو، بۆیە ئەو كێشەیان بەم هاوسەرگیریە شیكاركرد، ئەوانەی دەڵێن ئەمە هی سەدەی بەردینە، ئەوانە هیچ لەم هاوسەرگیریە نازانن، بەپێچەوانەوە ئەم جۆرە هاوسەرگیریە لە ئەنجامی ئەم پێشكەوتنە خێرایە هاتۆتەكایەوە كە خۆپاراستنی پێشینەیە بۆ زۆر بابەت، پاراستنی دابونەریتە، كێشەی ئێمە ئەوەیە ئەوەی كەوا زۆر ڕۆشنبیر نەبێ لە ڕووی یاساو شەریعەتەوە لە ئێمە تێناگات، وائەزانێ كەوا ئەمە لە بەرژەوەندی كۆمەڵگا نیە، بە پێچەوانەوە ئەوە گەورەترین بەرژەوەندی كۆمەڵگای تیادا بەدیئەكرێ، دڵنیاشم ژنان و كۆمەڵگاش پەیكەری زێڕم بۆ دەكەن، كە ئەو كاتەی تێگەیشتن تا چ ڕادەیەك ئەو پرۆژەیە لە بەرژەوەندی ژنان دایە.

***لایەنێکی تری ئەم پرۆژەیە ئەوەیە کەوا چارەسەرێکە بۆ ئەوەی کەوا ڕێژەی نێرینە کەمترە لە ڕێژەی کچان، بەڵام ڕەنگە ئەوە لە زۆر شوێن پێچەوانە بێت، پێت وانیە ئەم بڕیارەت بۆ یەك ناوچە پەسەندکردووە؟**

- من باسی زۆرینە دەکەم، وەك وتم ئاماری زانستیش لە عێراق‌و کوردستانیش نەکراوە، ئەگەر کرابێتیش بنەما زانستیەکاتی بە گوێرەی پێویست تیا نیە، نابێ دانیشین‌و چاوەڕێی داتاو ئامار بکەین، چونکە ئەگەر وابکەین ئەوا کارەسات ڕوودەدات، ئەوەی ئێمەش دەیکەین تەنها ڕوونکردنەوەیە بۆ خەڵك، ئێستا ناوەکە لای خەڵك کێشەیە، چونکە ئێستا تۆ ناتوانی ڕێ لە یەکێك بگریت کەوا دەستبەرداری مافەکانی بێت، هاوسەرگیری ڕەو لە شێوەی پراکتیك لە کوردستاندا زۆر زۆرە، بەڵام وەك ناو نامۆیە.

*** لە پرۆژەکەدا هاتوە پیاوێك دەتوانێ لەگەڵ زیاتر لە یەك ئافرەت بێت، ئەگەر پیاوێك یەك ئافرەت خێزانی بێت ئەوا هاسەرگیری سروشتیە، بەڵام ئەگەر لە یەك زیاتربوو ئەوا چۆن ڕێکخراوەکانی ژنان‌و ژنان ڕووبەڕووی نابنەوە، لەکاتێکدا بەردەوام بانگەشەی نەمانی دووژنە دەکەن؟**

- خۆی ئەم ڕێکخراوانە مەترسیەکەیان ئەوەبوو دەیانوت: ئەمە جۆرێکە لە فرەژنی، بەڵام ئەوە وانیە، ئەم هاوسەرگیریە لە دادگا دەکرێت، کە ئەوەش کرا بێگومان دادوەر داوای ڕەزامەندی ژنی یەکەم دەکات، بە مانای وەك هاوسەرگیری سروشتی لێدێتەوە، هەمان حاڵەتە، یان ئەبێ ڕاپۆرتێکی کۆمەڵایەتی بدەیتە دادگا کەوا باوەڕ بە دادگا بێنی بەوەی مافی خۆتە ژنی دووەم بێنیت، ئەگەر ئەوەش ڕوویدا ئەوا فرەژنی نیە، بێگومان ئەوە ئەبێ بە دادگا بکرێ، دواتر ئەگەر لە دادگا نەکرێ ئێمە چۆن کۆنترۆڵی ئایدز بکەین، چونکە دادوەر خۆی داوای ڕاپۆرتی پزیشکی ئەکات .

***بەو پێیەی کەوا لەم جۆرە هاوسەرگیریە جگە لە ژنی یەکەم پەیوەندیت لەگەڵ ژنێکی تریش دەبێت، کەوا بەم جۆرە هاوسەرگیریە دەیهێنیت، ئایا ئەمە نابێتە خیانەتی هاوسەری؟**

- من لەسەرەتایی پرۆژەکە وتم: ئەمە دەقاودەق وەك هاوسەرگیری سروشتیە، بەڵام دەستەبەرداری سێ شت دەبێ لە مافەکانی خەرجی ڕۆژانەو مانەوەی پیاوەکەو خانەی هاوسەرگیری.

*** لە پرۆژە یاساکە هاتووە ئەگەر منداڵ کەوتووە لە نێوانیان ئەوا باوك دەبێ بە گشت ئەرکەکانی هەڵسێت، لە کاتێکدا لەم پرۆژەیە پیاوەکە لە لایەك‌و ژنەکە لە خانوێکیتر دەژین، پێموایە ئەرکی باوك تەنها پارە دان نیە بە منداڵ، بەڵکو هەست‌و سۆزیش دەگرێتەوە؟**

- یەکەم کاتێ کە منداڵ کەوتەوە زۆر ئەگەری هەیە کە هاوسەرگیریەکە ببێتە هاوسەرگیری سروشتی، چونکە ئەبێ ئەو پیاوە کە دایەنێك دانێ بۆ ئەو منداڵە ئەگەر نەشبوو ئەوا دەبێ دایەنێك بێنێت‌و پارەی پێبدات، هەروەها پارەی شیری دایکەکەش بدات، چونکە ئەوا هەموو مافی ئافرەتە لەسەر پیاوەکە، دەبێ خانووش بۆ کوڕەکە بکات، زۆر بە دەگمەنیش ئەم جۆرە هاوسەریەتیە منداڵی لێدەکەوێتەوە، چونکە زۆربەی ئەوانەی ئەمن جۆرە هاوسەریەتیە دەکەن لە کەسانێك نین پێویستیان بە منداڵ بێت.

*** ئەی کوڕەکە ئەگەر باوکی مرد مافی میرات وەرگرتنی ئەبێت؟**

- بەڵێ ئەوەی لە هاوسەرگیری سروشتی مافی هەیە ئەوا بۆ ئەویش هەیە.

***مامۆستایانی ئاینیی چۆن پێشوازیان لەم پرۆژەیە کرد؟**

- من سوپاسی مامۆستا ئاینیەکان دەکەم ئەوانەی لە ئاستی دکتۆراو ماجستێرو زانکۆن گشتیان پشتگیریان کردم ١٠٠٪ چونکە شتەکە لەسەر بنەمای شەرعە، بەڵام لەوانەیە هەندێ مەلا ئاستی تێگەیشتنی نزم هەبێت، نازانم ئەوانە چۆن لەم پرۆژەیە دەڕوانن.

***بۆچی ئێستا پرۆژەکە خەوێنراوە؟**

- من خۆم داومەتە دەست خودی (بەهزاد عەونی) کە لەبەشی یاسایە لەساڵی ڕابردووەوە داومەتێ، بەڵام هیچ پەیوەندیەکی پێوە نەکردووەمەتەوە، تەنها وەك کەس پەیوەندیم بە چەند پەرلەمانتارێك کردووە، پێیانووتوم شتێکی زۆر جوانە، تەنها ئەوە ماوە کۆمەڵگا لێیتێبگات.